**وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان**

**ژمارە:١٠٢٩ لە ٢٩/٤/ ٢٠٢١**

پاڵپشت بە بڕگەی(چوارەم)لە ماددەی(٣)ی پەیڕەوی دیاریکردنی ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە(٩)ی ساڵی ٢٠٢٠، و بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیرە پەیوەندیدارەکان، ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد :

**ڕێنمایی ژمارە(٥)ی ساڵی ٢٠٢١**

**ڕێنمایی گواستنەوەی دۆسیەی شەهیدانی هێزەکانی(پێشمەرگە، هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ،ئاسایش، دژەتیرۆر) بۆ وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان**

**ماددەی(١):**

پێش گواستنەوەی دۆسیەی شەهیدانی هێزەکانی(پێشمەرگە، هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، ئاسایش، دژەتیرۆر) بۆ وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، پێویستە بەپێی یاسای چاکسازی پێداچوونەوە و وردبینی بۆ سەرجەم دۆسیەکان بکرێت.

**ماددەی(٢):**

وەزارەتەکانی(پێشمەرگە و ناوخۆ) و دەزگاکانی(ئاسایش و دژەتیرۆر)بەرپرسیارن لە دروستی ئەو دۆسیانەی کە دەگوازرێنەوە بۆ وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان.

**ماددەی(٣):**

پێویستە هەر دۆسیەیەک لەلایەن وەزیر و لایەنی پەیوەندیدار بە فەرمانێکی وەزاری پشتراستی شەهید بوونی کرابێتەوە.

**ماددەی(٤):**

هەردۆسیەیەک کە دەگوازرێتەوە بۆ وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان وردبینی بۆ دەکرێت و پێویستە (ڕاپۆرتی پزیشکی داد، کۆنووسی لیژنەی لێکۆڵینەوە،بڕوانامەی مردن،بڕوانامەی دواموچە، صورەت قەید)ی لەگەڵدابێت.

**ماددەی(٥):**

ئەو شەهیدانەی کە دۆسیەکانیان دەگوازرێتەوە بۆ وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بە لیست ناوەکانیان بەرزدەکرێتەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و پاش پەسەندکردنیان، وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان فەرمانی وەزاریان بۆ دەردەکات.

**ماددەی(٦):**

شەهیدی پێشمەرگە و خەباتگێڕ بەپێی یاسای ڕێزلێنانی پێشمەرگە(زێرەڤانی هەرێمی کوردستان-عێراق) ژمارە(٣٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ دۆسیەکەی دەگوازرێتەوە بۆ وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان وەک شەهید تۆمار دەکرێت و وارسەکانیان بەپێی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان ژمارە(٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ی هەموارکراو سوودمەند دەبن.

**ماددەی(٧):**

شـــــەهیدی کەمئەنـــــدامانی پێشـــــمەرگە بەپێـــــی یاســـــای خانەنشـــــینی کەمئەنـــــدامانی پێشمەرگە(زێرەڤانی)هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە(٣٤)ی ساڵی ٢٠٠٧ دۆسیەکەی دەگوازرێتەوە بۆ وەزارەتی کاروباری شـەهیدان و ئەنفالکراوان، وەک شـەهید تۆمـار دەکرێـت و وارسـەکانیان بەپێـی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمـارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ی هەموارکراو سوودمەند دەبن.

**ماددەی(٨):**

شـەهیدی هێزەکـانی پێشـمەرگە بەپێـی یاسـای ڕاژە و خانەنشـینی پێشـمەرگە(زێرەڤـانی)هەرێمـی کوردستان-عێراق ژمارە(٣٨)ی ساڵی ٢٠٠٧، لەدوای گواستنەوەی دۆسیەکەی بـۆ وەزارەتـی کاروبـاری شەهیدان و ئەنفالکراوان وەک شەهید تۆمار دەکرێت و وارسەکانیان بەپێی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان ژمارە(٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ی هەموارکراو سوودمەند دەبن.

**ماددەی(٩):**

شەهیدی هێزەکانی(ئاسایشی ناوخۆ و ئاسایش و دژەتیـرۆر) بەپێـی یاسـای ژمـارە (١٥)ی سـاڵی ٢٠١١ یاسای جێبەجێکردنی یاسای ڕاژە و خانەنشینی هێزەکانی ناوخۆی عێـراق ژمـارە(١٨)ی سـاڵی ٢٠١١ لە هەرێمی کوردستان دوای گواستنەوەی دۆسیەکەی وەک شەهید تۆمار دەکرێت و وارسەکانیان بەپێی یاسـای ڕاژە و خانەنشـینی هێزەکـانی نـاوخۆی عێـراق ژمـارە(١٨)ی سـاڵی ٢٠١١ی بەرکـار لە هەرێمـی کوردستان سوودمەند دەبن.

**ماددەی(١٠):**

ئەو پێشـمەرگە خانەنشـینانەی لەسـەر داوای دەسـەڵاتە فەرمییەکـان لە هەرێمـی کوردسـتان دەچـنە بەرەکانی بەرگری لە خـاک و گەلـی کوردسـتان و شـەهید دەبـن دوای گواسـتنەوەی دۆسـیەکانیان بـۆ وەزارەتـی کاروبـاری شـەهیدان و ئەنفـالکراوان وەک شـەهید تۆمـار دەکـرێن و وارسـەکانیان بەپێـی یاسای خانەنشینی بەرکار لە هەرێمی کوردستان سوودمەند دەبن.

**ماددەی(١١):**

دوای گواسـتنەوەی دۆسـیەی شـەهید، پـلە بەرزکـردنەوە و راسـتکردنەوە و گـۆڕینی پـلەی سـەربازی شەهید ئەنجام نادرێت.

**ماددەی(١٢):**

کار بەهیچ ڕێنماییەک ناکرێت کە ناکۆک بێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم رێنماییە.

**ماددەی(١٣):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)جێبەجێدەکرێت.

**عبدالله حاجی محمود**

**وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان**